ئەربـائیـلۆ

لەوێ ... لەژوورێکی بێپەنجەرە ... سەربانی سەرەند و بێژنگ

ژوورێك ... تەنگ و تاریك و رەش داگەڕاو ..

ژوورێك لە ژوورەکانی دۆزەخ کە خودا ..

بە ڕێکەوت لە دەستی کەوتبێتەخوارێ ...

لەدایك بووم ...!

لەوێ... لە کۆڵانێکی تەنگەبەر ... منالێم بێ گەمە سووتا ..

کۆڵانێك تەنگتر لە رەحمی دایکم

ئەربائیلۆ ... بە پیرە قەڵات بڵێ:

"ئەی پیرە کیسەڵی لەپە و ڕوو کەوتوو

من خۆزگەمە هەر جارەی کە دێمەوە

بیبینم: هەر تەنها بستێك لە جێی خۆی بلەقێ ..

بجوڵێ ...!

ئای کە مێژوو درۆزنە: لەسەر پشتی ئەو پیرە کیسەڵە

داریۆش و ئەسکەندەر و ئەسپەکانی مەغوول خلیسکان

بەچی دەچێ ..

کە منالە چەتوونەکانی قەڵا سەد و یەك جار منیان بەزاند

کێ ئیمڕۆ ئەو "مەکتەبانە" دەبینێ

کە لەگەڵا هەر حەرفێك و سروود و ئایەتێك

مامۆستاکان جامێك تف و فەرهەنگێك جنێویان .. پێدەبەخشین

تۆ بۆ من جگە لە چایخانەیەکی پڕ لە چڕە دووکەڵا ..

هیچی دیکە نەبوویت

لەوێ بوو.. باوکمان خەونو خەندەو حەکایەتی شەوانی ئێمەی ...

بە دەستێك ئەزنیف دەدۆڕاند..!

تۆ ئەو کچانە بوویت ..

لەبەر دەمتا خۆمم دەکرد بە نوکتە و پێنەدەکەنین

ئەو کچانەی مەگەر بە ڕێکەوت لە پاسێکدا بمدیبان

بە خۆیان و کۆڵێ کتێبی شەرمنەوە

ئەو کتێبانەی بێمروەتانە سینە و بەرۆکی ساوای ئەوانی

لە منی کەڕولاڵا دەشاردەوە

تۆ شەمەندەفەری ئەو خەونە زڕەم بوویت ..

خەونی سەفەر و تا ئەبەد دانەبەزین

کەچی هەمدیس دەستخەڕۆت کردم

وێستگەی خەونەکانم هەنووکە زیندانی لۆتی و چەتەکانتە

وای لەو شەمەندەفەرە غەمگینەی من ... ئافەرۆز .. ژەنگ گرتوو

بێهوودەش باران بەسەریا دادەکا

هەر کە دێمەوە دوعا دەکەم ..

خوا هاوار رووخابێ منارەی چۆلیم .. یا بستێکی دی

باڵای کردبێ

کێ ئەو پیاسە پڕ لە قەهرانەی عومری جحێڵیم دەبینێ

ئەو شۆستە هیچانەی من فرمێسکی پەنهانم بەسەردا ڕشتن

کە بێ قاچ ، بێ سەر ، بێ دڵا دەگەڕامەوە ماڵێك

کە تا شەو خەوتنان دوو دوژمن تیایدا دەجەنگان

ئێمەش دەبووین بە تیر و کەوان و قەڵغان ..

جارێ کوژراو و .. جارێ بریندار

کۆشکە هەرە رازاوەکانت من بەردم تیا کێشا ..

بگەڕێ .. هەنووکەش فرمێسك و ئارەقە و ..

هەناسەی ساردم وا لەوێ

تف لەو گەڕەکە فێنکانەت کە چلوورەکانی منیان دەتواندەوە

بە لەعنەت بێ ئەو گەڕەکە کپ و خامۆشانەت ..

کە لە هەرا و ژاوەژاوی نێو کەللە ساواکەی من .. تێنەدەگەیشتن

بڕوخێن ئەو مامۆستایانەت ..

کە نەیان دەزانی بۆ نینۆکمان هێشتۆتەوە..

لە سۆنگەی ئەو (گوناهە کەبیرەیە)

بەیانیانی سارد فەلاقەیان دەکردین..

کێ سەر و قژی بە خورشت و ئاو نەدیومانی دەدی..؟!

من زۆر وەڕسم لەو پیرە کیسەڵەی نە مردووە و ..

نە هەزار ساڵە بجووڵێ ..!

هۆ شاری شوورە –گۆڕستان ..

هەر گۆڕێکت لەتە رۆحێکی منە نێژراوە

منالێم هەر هەموو باڵا گەردانی کێلی پیاوچاکەکانت بوو

چ حەسرەت کێشانە بە دیار ژنە رەشپۆشەکانتەوە ..

هەڵدەتروشکام

بۆ مرازی زۆر شەرمنیان بەردیان بە کێڵی "ستی ئیمام"ەوە

وەدەنووساند ..!

تۆ بۆ من ئەو بەردە نامەردە بووی

کە قەت نەبوو جارێ بە درۆش بە کێلێکەوە بنووسێی ..

بقرسێی..!

وەی لە مەملەکەتی قەیرە و بێوەژنەکانت

دڵم تەنگە .. کوان ئەو چوار خواوەندەی باپیرەم دەیپەرستن

کوا پەرستگایەکی داڕماوی ئەوان ..

تا منی مالاّبەدەرو شاربەدەر بۆ تەنها شەوێ تیا بسرەوم

دڵم تەنگە .. ئەم سەفەرە کە هاتمەوە..

بە کۆڵانە خنکاوەکانت بڵێ با تۆزێ بەرینتربن

سەربانەکانت بستێك بڵندتر و

شەقامە شێتەکانت تۆزێ چۆڵتر

سەرم گێژە

با شۆڕشی نێو چایخانەکانت کەمێ خامۆشتر

ئەو جحێڵانە قومار لەسەر عومری کێ دەکەن..؟

مەستە ماندوو .. مردووەکانت .. لە داخی کێیە

هەموو شەوێ خۆ دەکوژن ..؟

تۆ ئەو کچە خۆشناوەبوویت سمێڵم گووگرەنەببوو

شەیدات کردم

کەچی هەنووکەش بێوەژنێکی

سالاّنە ئەو تاقە کراسەی لەبەرتایە لە خومی دەگریت

هەمیشە نائومێدم دەکەی .. هەمیشە

جار نییە نەیەمەوە دارستانێکت سەفەری ئەبەدی نەکردبێ

چەمێکت سەری خۆی هەڵنەگرتبێ

پەیکەری شەهیدت گوللەی وێڵی بەرنەکەوتبێ

تەواو .. بەسەرچوو سەردەمی کچە پاکیزەکانت

ئەو کچانەی لە خەونەکانیشما خۆیان بەدەستەوە نەدەدا

بمبەخشە..

با بمبەخشن گشت درەختی نێو دارستانەکانت

منالێکی بێ غیرەت بووم..

نە جۆلانەیەکم تیا هەڵبەست ، نە چۆلەکەیەکم کوشت و

نە هێلانەیەکم نغرۆکرد .. نە رۆژێ پیا هەڵگەڕام

با بمبەخشن .. هەر هەموو چەم و رووبارەکانت

نە ماسییەکم تیا گرتن .. نە رۆژێ مەلە

با بمبەخشن ئەو قەیرە کچانەی ساڵانێکە کەزی سپی دەهۆننەوە

منم گوناهبار.. منی کەڕ و بێ زبان

نەموێرا .. نە ببمە مێرد و .. نە دەستگیران

لە بێستانەکانت ویستم شەمامەبم

چەشنی بڕکە گندۆرەی زڕ دەریان کێشام

بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانت

عیسایەکی سەر خاچت بم

چ بێهوودەبوو خوێن رژانم

ئاخ .. من عومری جوانیم .. لەوێ .. لە کۆلیتی مریشکەکانت

بەجێما ..

ساتانی هێلکە دزین ..!

لەو کۆڵانانەی بە پێچ و لوول بوون وەك گەردەلوول

لە کولانەی ئەو سەگانەی وەدەرم دەنان ..

تا خۆم تیا بسرەوم ..!